# پێڕست


* ئاورێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر برایم چووکەڵی ................................. لاپەڕەی .......... ٥

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٠ ................. لاپەڕەی .................... ٩

١- ئایا نەخۆشی ئەیدز قەیرانێکی ئابووریشە؟...

٢- با هەوڵی ژیاندنەوەی "بەسیج" لە کوردستان مایە پووچ بکەینەوە!...

٣- هەوڵی رێژیم بۆ دەسڕاگەیشتن بە چەکی ئۆتۆمی وهەڕەشەکای ئەمریکا...

٤- ٢٣ی جوزەردان ١٣٥٤ رۆژێکی شووم بۆ کورد...

٥- چەند وتەیەک سەبارەت بە کتێبی قەڵای بەرخۆدان...

٦- وڵامێک بۆ ئەو هێرشانەی لەلایەن کۆمەڵەوە دەکرێنە سەر حیزبی دیموکرات...

٧- پەیامی فێرگەی سیاسی نیزامی بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی دامەزرانی فێرگە...

٨- ژیان وخەبات لە ناوچەی بۆکان...

٩- رۆڵی فەرماندەرانی نیزامیی لە مێژووی حیزبدا...

١٠- یادێک لە بنەماڵەیەک لە سنەی خوێناوی...

١١- پەیامی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستان...

١٢- ٢٥ی گەلاویژو چەند وتەیەک...

١٣- هەلبژاردن بۆ بۆتە فەردپەرەستی؟...

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠١٤................. لاپەڕەی .................... ٥٨

١٤- شەش دەیە دوای راپەڕینی جووتیارانی موکریان...

١٥- مردنی داهێنەرێک...

١٦- یادێک لە فەرماندەیەکی لێوەشاوە لە بیرەوەریی ٣٠ ساڵەی شەهید بوونی سەروان ئێقبال کەریم‌نەژاد دا...
١٧- هێرشی شیمیایی بۆ سەر خەڵکی سووریەو ئەگەری گورزێکی سەربازی...
١٨- لە یادی ٢١ ساڵەی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی دا...
١٩- لە یادی فەرماندەیەکی کارامەو لێهاتوو شەهید هەمزە بێهنام...
٢٠- هەڵوەرینی گوڵێک لە باخچەی فەرماندەراندا لە یادی ٣٠ ساڵەی شەهیدبوونی عوسمانی دادخا...
٢١- یادێک لە دوو هەڵۆی بەرزەفڕی چیاکانی کوردستان...
٢٢- لە یادی ٣٠ ساڵەی شەهیدبوونی قادر ئیفتیخاری...
٢٣- یادی ٣٠ ساڵەی شەهیدبوونی عەبدوڵڵا بەهرامی...
٢٤- یادی ٣٤ ساڵەی رادیۆ دەنگی کوردستان...
٢٥- عێراقو هۆکارەکانی درووستبوونەوەی شەڕ...

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ ................. لاپەڕەی .................... ٩٣

٢٦- قاسملوو، رێبەرێکی واقیعبین...
٢٧- ٢٥ی گەلاویژ و چەند وتەیەک...
٢٨- قەڵای سەربەرزی یا «قلعه ضد انقلاب»...
٢٩- لەزیندانیشدا پێشمەرگە بوون!...
٣٠- ڕەشبەڵەکی فرمێسکەکان...
٣١- دیوجامەیەک بۆ چوار شۆڕەلاوی "بناوەچان"...
٣٢- ماندووبوونێکی زۆر بۆ ئەزموونێکی بەنرخ...
٣٣- خۆراگر لە ڕێگەی داربەڕوو...
٣٤- جەتەر و قارەمانەتییەکی کەم وێنە...
٣٥- هەگبەی شاخ و شۆڕش (خەوێکی هەتاهەتایی)...
٣٦- سەریان دانا بەڵام دانەنەوین...
٣٧- هەگبەی شاخ و شۆڕش هەوای سەرکەوتن لە مەڵبەندی خانێوە...

٣٨- لە هەگبەی شۆڕش و شاخ (بۆچی کەربەڵای دارەلەک؟)...

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٨ ................. لاپەڕەی .................... ١٣٨

٣٩- هەگبەی شاخ و شۆڕش تیرێک و دوو نیشانە...
٤٠- حەماسەکەی جادەی بانە - سەردەشت...
٤١- لە پەراوێزی دێکۆمێنتارەکەی «کویسنجق»دا...
٤٢- سەرنج بدەن... سەرنج بدەن...
٤٣- بەرەو نەورۆزێکی مێژوویی...
٤٤- حەماسەی ڕزگاربوون لە مەرگەساتی هەڵەبجە...
٤٥- وەفایەک بۆ شەهید قادر قادری...
٤٦- ٥٩ زەبری گورچکبڕ لەبری ٥٩ هەناسەی خنکاو...
٤٧- «دارتوو»، ئەفسانەی حەماسە و خۆڕاگریی پێشمەرگە...
٤٨- «مازوار» و تۆمارکردنی سەروەرییەکی مێژوویی...
٤٩- داستانی خۆڕاگریی "حەڵبێ" و "کۆیکان"...
٥١- شەرەفی مردن بە سەر خیانەتدا...
٥٢- نەعرەتەی پێشمەرگە لە سوێسنایەتیی سەردەشتەوە...
٥٣- چەند تێبینییەک لە سەر وتووێژەکەی کاک بەهرام ڕەزایی
٥٤- یادێک ٤٥ ساڵەی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ و ١٣٤٧

دەوڵەتانی بێگانە بۆی جێ بەجێ نابێ چونکە لە مەیدانی تەکنۆلۆژی خاوەنی ئەزموون وپسپۆڕی نیە. لە وەزعێکی ئاوادا ئاشکرایە کە ئێران پاش چەندین ساڵ وەدای خەرج کردنی چەندین ملیارد دۆلار لە پوول وژیانی خەڵکی ئێران دەتوانی چووکترین واحیدی ئەتۆمی دروست بکا کە بە هیچ جۆر نەتوانێ پێشی هێرشی هێزی گەورەی خاریجی بگرێ. کە وایە هەوڵی ئاخوندەکان بۆ کڕینی تەکنۆلۆژیی ئەتۆمی و دروست کردنی چەکی ئەتۆمی پێش ئەوەش مەترسی یەکانی دیکەی بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی لەم بابەتی بێنە گۆڕێ، بە مانای بە فیرۆدانی چەندین ملیارد دۆلار لە سەروەت وسامانی گەلانی ئێرانە. ئێستا دەوڵەتی ئێران بۆ قانع کردنی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی وخۆ نەجاتدان لە چنگ هەڕەشەکانی ئەمریکا ڕێگایەکی پڕ هەورازوو دژواری لە پێشە.

---

## ٢٣ی جوزەردان ١٣٥٤ ڕۆژیکی شووم بۆ کورد

٢٣ی جۆزەردان ٣٥ ساڵ بەسە ڕقەرار دادە شومەکەی ١٩٧٥ الجزائیر دا تێ دەپەڕێ لە یەکێک لە ناسکترین هەلومەرجەکانی ئەو کاتدا، ئێران و عێراق لە کۆبونەوەیەکی ئۆپێکدا لە جەواری کۆبونەوەکەدا،کە شای ئێران لەو کۆبونەوەیە بوو لەسەر داوای سەرکۆماری ئەو کاتی الجزائیر بە نێوبژیوانی ئەو، کە هەم داوای لە شا و هەم لە سەدام، ئەو کات جێگری ڕەئیس جمهور عێراق بوو بەڵام دەسەڵاتی تەواوی هەبووکردو زەمینەی دانیشتنی ئێران و عێراقی پێک هێنا. قەراردادی سنوری دەوڵەتی و (حسن همجواری) ئێران و عێراق نەتیجەی کۆبوونەوەی ئەو دوو وڵاتە لە الجزائیر بوو لە سەر دیاری کردنی سەر لە نوێ سنوورەکانی زەوی، دیاری کردنی سنووری ئاوی لە(اروند رود) لەسەر ئەساسی خەتی تالوک، چاوەدێری کردنی دەقیقی سنوورەکان بۆ پێشگیری لەهاتنە ناوی بە قەولی ئەوان (خرابکاران) بۆ سنووری یەکتر، ڕیکەوتن. ٣ مانگ دوای چاو پێکەوتنی شاو و سەدام توافقنامەیەک ئیمزا کرا. عباس علی خەلەتبەری وەزیری دەرەوە لە لایەن ئێرانەوە و سەعدون حەمادی وەزیری دەرەوە لە لایەن عێراقەوە، لەحزووری عەبدول عەزیز وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی الجزائیر، قەراردادی ئێران و عێراق لە ڕۆژی ٢٣ی جۆزەردانی ١٣٥٤ (١٣ی ژوێن ١٩٧٥) ئیمزا کرا. ئەو قەرارداده شومە پاش ماوەیەک بە ژمارەی ١٤٩٠٣ تا ١٤٩٠٧ لە دەبیرخانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بایگانی خرا. هەر ٣ ساڵ دواتر ئاڵوگۆری سیاسی لەئێران دێتە گۆرێ خەڵک دەرژێنە خیابانەکان و ڕیژیمی محمد رەزا شای پەهلەوی دەچێتە زبڵدانی مێژووە ، ٥

ساڵ دوای ئیمزا کردنی قەراردادەکە سەدام حوسێن دێتە سەر شاشەی تلویوزیونی عێراق قەراردادەکە دەدرێنێ و سنووره دەستکردەکەی کە لەگەڵ شا داینا بوو، ئێرانی خستە نیگەرانی. هەر چەند رۆژ دوای دراندنی قەراردادەکە عێراق هێرشی کردە سەر ئێران و بە شەری ٨ ساڵە ئێوبانگی دەرکرد. سەدام دوای قەبوڵی ئاتەشبەست ئاگربڕ لەگەڵ ئێران لە چوارچێوەی قەتعنامەی ٥٩٨ و پێش هێرش کردن بۆ کویت پابەند بوونی وڵاتەکەی، بە قەرار دادی ١٩٧٥ی الجزائیر راگەیاند و جارێکی دیکە بەهۆی هەلومەرجی ئەوکاتی عێراقی تێدا بوو ئێعتباری بێ پشتیوانەی بەو قەرارداده دایەوە. هێزەکانی ئەو دوو وڵاتە بۆ سنورەکانیان گەرانەوە و حاڵەتێکی ئاساییان بە سنوورەکانیان دایەوە. بە رووخانی حکومەتی سەدام کاربەدەستانی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی عێراق، تا ئێستا چەند جار لە بارەی قەراردادی ١٩٧٥ی الجزائیر هەڵوێستیان گرتووە کە بووەتە هۆی نیگەرانی و دڵگەرانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی. ٣٥ ساڵ دوای ئەو قەرارداده ئەگەرچی پەیوەندی ئەو دوو وڵاتە گەرمە، بەڵام نیگەرانیەکانی هەروا درێژەی هەیە، تا ئێستاش بەهۆی ئەو ئاڵوگۆرەی لە عێراق دایە روون نیە کە لە داهاتوو دا چی لێ دەکەوێتەوە و ئێران و عێراق بەرەو کوێ دەبا. لە لایەکی دیکە هەرچەند ئەو قەرارداده لە کاتی خۆی دا بۆ کورد سەرەتان بوو بەڵام ئەمرۆکە بەهۆی فیداکاری رۆڵەکانیەوە، کورد بوەتە بەشێک لەو دەسەلاتە کە کاتی خۆی لە لایەن داگیرکەرانەوە سنوورەکانی لێ دەکرا بە دەستکرد. دانیشتنی هوشیار زێباری و موتەکی لە رۆژێکی ئاوا دا واتە ٣٥ ساڵ دوای قەراردادی الجزائیر، ئێران پێی وایە هەلێکی زێرینی قۆستۆتەوە دڵی خۆی خۆش دکا کە جارێکی دیکە سەرانی عیراق بەو قەرارداده پشت ببەستن و سە رلە نوێ زیندووی بەکەنەوە. لە لایەکی دیکە رۆژنامەی( فرامنگقە ای الحیات چاپ لندن) لە زمانی جەلال تالەبانی یەوە دەنوسێ" ئەو قەرار داد لە پێشداش لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی نەیاری سەدام هەڵوەشاوە راگەیندراوەو ئێستاش ئۆپوزیسیۆن لە عیراق دا دەسەڵات دارە." هەروەها دەڵێ ئەو قەرارداده لە نیوان سەدام وشاە دا بووە نەک لە نیوان ئێران و عیراق! هەروەها گوتی عیراق پێی خۆشە لە گەل ئێران دۆستایەتی هەبێ بەڵام قەراردادی الجزائیر نەفی دەکەینەوە. تەنانەت گوتی "لە سەر زۆر شت تواقفمان پیکەوە هەیە بەڵام کە ئاماژە بەو ئەوقەرارداده دەکرێ هیچ شتێک ئیمزا ناکەم".

٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

## چەند وتەیەک سەبارەت بە کتێبی قەڵای بەرخۆدان

مێژووی حیزبی دیموکرات پڕاوپڕە لە فیداکاری رۆڵەکانی و لەمبارەوە شەهیدی زۆری داوە بەڵام ئێمە نابێ تەنیا چاو لە شانازییەکان بکەین چونکە ئەگەر هەر ئەوان ببینین و چاو بە خاڵە لاوازکان دا نەخشێنین بۆی هەیە بێوچان هەڵەکان دووپاتە بکەینەوە و لە بنەڕەت دا ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە مێژوویەکی لاوازمان بۆ خۆمان و نەتەوەکەمان تۆمار بکەین. مێژووی حیزبی دیموکرات تەنیا سەرکەوتنەکان نیە بەڵکوو ئەو ٦٥ ساڵە بە هەورازو نشێوان دا تێپەڕیوە و و پاشەکشەو هەستانەوەو گۆڕینی شێوەکانی خەبات و... هەموو ئەوانە بە خۆشی و ناخۆشیەکانیەوە پێکهێنەری مێژووی حیزبن.

لە راستی دا من وەک خۆم مێژووی حیزبی دیموکرات لە ساڵی ١٣٣٢ تا ١٣٥٠ بە لێڵی دەبینم. ئەو پەرتووکانەی لە سەر مێژووی حیزبی دیموکرات کە باسی ئەوماوەیە دەکەن هەر یەکە بە جۆرێک و بە قسەو گێرانەوە لە کەسانی دیکە وەرگیراوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەسنادو بەڵگەو دوکومینت لە دەست دا نەبوون یان ئەگەر بوبێ بە هۆی رێژیمە زۆردارەکان گوم کراوە یا شێوێندراوە. دیارە ئەوەی ئێستاش کە هەیە هەر باشە کەلێنێکی پڕ کردۆتەوە.

من ناڵێم ئەو کتێبە هەموو شێکی لە خۆ گرتووە، بەڵام ئەوەی من کردوومە ئەگەر هەموو ئەو کەسانە لە هەردوو لای حیزبی دیموکرات بیکەن لە ٤٠ ساڵ یا دەیان ساڵی دیکە بە یەکەوە شاکارێکی گەورە بەرهەم دێ و ئەگەر کەسێک لێکۆلینەوە لە سەر مێژووی حیزبی دیموکرات بکا با لە ١٠٠ کتێبی وەک ئەم پەرتووکە بۆ سەرچاوە کەلکی لێ وەرگیرێ کە بە خۆشیەوە لە هەردوو لای دیموکرات خاوەن قەلەم هەیە.

لە نێو ١٨ هێزی حیزبی دیموکرات لە کاتی خەباتی چەکداری دا نزیک بە ٥٠٠٠ پێشمەرگە و کادر شەهید بوون. لەو نێوەدا تەنیا برایم چووکەڵی ژیانی شەهیدانی ئەو هێزەی خزمەتی تێدا کردوە هێناوەتە سەر کاغەز و کردوویە بە کتێب. سروشتیە ئەگەر لە هەر کومیتەو هێزێک کەس یا کەسانێک ئەو کارەیان کردبوایە، ژیانی کاروانی شەهیدان نەک گوم نەدەبوو بەڵکوو زۆریش دەوڵەمەندتر دەبوو. یا بیرەوەری پێشمەرگایەتی دەورانی خەباتی چەکداری بە سەدان پێشمەرگەی ئازاو قارەمان هەبوون تەنیا ٣ کتێب لەمبارەوە هەیە.

لە چیاکانی موکریانەوە تا دەشتی کۆیە نوسینی برایم چوکەلی،
لە چیاکانی زاگرۆسەوە نوسینی تیمور مستەفای،
بیرەوەریەکانی شەهید شاپوری فیروزی،

ئاخۆ ئەگەر دەیان کەسی دیکە بیرەوەری خۆیان نوسیبوایە، مێژووی خەباتی چەکداریو خوراگری حیزبی دیموکرات دەولەمەندتر نەدەبوو؟

ئەوەی رۆژهەلات لە ناساندنی کتێبەکەدا کردویەتی، لە چوارچێوەی کاری رۆژنامەنووسی و تێگەیشتنی خۆیان لە ناوەرۆکی کتێبەکەیە بەلام لە چەند رۆژی داهاتوودا ئەو کتێبە وەک رۆژهەلات ئاماژەی پێ کردوە بلاو دەبێتەوە و هیچ شک و گومانی تێدا نیە دیفاع لەو حیزبە دەکەم کە من تییدا ئەندامم، بەلام ئاخۆ چونکە لە حیزبی دیموکرات دا ئەندامم نابێ رەخنەی لێ بگرم؟ بێگومان وەک لە کتێبەکە دا گوتومە کەمینە کە لە ئوپوزیسیۆن دا خۆی دەدیتەوە، لە لەتبوون دا بێ بەری لە تاوان نیە. کتێبەکە بخوێنێتەوە جا قەزاوەت بکەن، هاوکات کە وەک هەمیشە رەخنەی زۆر ئوسولیم لە مامۆستا گرتوە بەلام مامۆستا بۆ من هەر ئەو مامۆستای ئەو دەمو بەڵکوو زۆریش زیاترە. جالب ئەوەیە هێشتا کتێبەکە بلاو نەبۆتەوە قەزاوەتی لە سەر دەکرێ دەلێن خۆی لە جەناح دابوە چۆن رەخنەی گرتووە؟ لە هیچ کوێیەک نەبووە من بلێم جناح نەبووم ئەگەر کەسانێک خۆیان گێل نەکەن باش دەزانن هەموو کادرو پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات هەر یەکەی لە بالێک بوون و زۆریشیان هەر لە پەزیرش و فێرگەوە فێر دەکران. کەوابوو کەسێک بلێ من جەناح نەبووم لە گەڵ خۆی راستی نەکوتووە. لەو بروایە دام ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە رێبەری حیزبی دیموکراتی لەت کردو لەتبوون کاری بەدەنە نیە. لەو هەلومەرجەدا بەدەنە نەیدەتوانی سەربەلایەک نەبێ. کاک بابا عەلی لەمبارەوە زۆری لە گەڵ بەدەنە حەول دا و تەنانەت کۆبونەوەشی گرت کە کاریان بە جەناح نەدابێ بەلام هیچی بۆ نەکرا. .

لەسەر ئەو سوژەیە دەتواندرێ بە دەیان لاپەرە بنوسرێ و بە بەڵگەوە دەتوانم سابیتی بکەم کە بەدەنە حیزبی دوو کەرتی نەکرد. هیوادارم کە لە داهاتوو کەسانی دیکە زۆر بن ژیانی سیاسی خۆیان بکەنە پەرتووک با نەسلەکانی دیکە بزانن پێش خۆیان چ کراوە.

١ی ئاگۆستی ٢٠١٠

## وڵامێک بۆ ئەو هێرشانەی لەلایەن کۆمەڵەوە دەکرێنە سەر حیزبی دیموکرات

ماوەیەکە لە لایەن چەند کەسێکەوە لە سەر سایتەکان و هەروەها لە دوو کتێبیش دا هێرشی نارەوا دەکرێتە سەر حیزبی دیموکرات و دوکتور قاسملوو،و بە هەموو جۆرێک تاوانبار بە شەری دیموکرات و کۆمەڵە دەکرێ. بە تایبەتی قسەکانی من زیاتر روو لە ناوەرۆکی دوو کتێبی کاک بەهمەنی سەعیدی‌یە کە دەستخۆشی پێ دەڵێم. کاک بەهمەن لە دوو وتوێژی جیاواز دا لە گەڵ هەرکام لە بەرێزان کاک برایم عەلی‌زادە وکاک عەولا موهتەدی، دوو کتێبی بە ناوەکانی "سێ ساڵ لە گەڵ ئیبراهیم علیزادە" و "پێنج ساڵ لە گەڵ عەبدوڵڵا موهتەدی" بڵاو کردۆتەوە. هاتمە سەر ئەوباوەرە وڵامێکی کورت بە شتە نارەواکانیان بدەمەوە. هەرچەند زۆرم پێ ناخۆشە، بەڵام هیچ رێگا چارەیەک نەبوو لە رووی ناعیلاجی دەستم بۆ قەڵەم برد وەک لە ناوەرۆکی کتێبەکان دەردەکەوێ ئەو بەرێزانە لە زۆر جێگا خوێ بە برینە کۆنەکان دا دەکەن و بە بێ هیچ لێکدانەوەیەک ئەو قسانەی لە کاتی شەردا دەیان گووت، پەیتا پەیتا دووبارە دەکەنەوە.

من پیموابوو ئەوە ئەرکی رێبەرایەتیی هەردوو حیزبی دیموکراتە کە ئەم جۆرە هێرشە نارەوایانە وڵام بدەنەوە، بەڵام ئەوان کە دەنگیان لێوە نەهات، پێم خراب نەبوو وەک پێشمەرگەیەک قسەیەکی لێ بکەم.

با لە پێشدا هەڵسەنگاندنێک لە نیوان قسەکانی کاک "برایم" و کاک "عەولا"دا بکەین پاشان لێکدانەوەشی لەسەر دەکەین.

من باسی چۆنیەتی دامەزرانی کۆمەلە ناکەم کە بۆ خۆیان مێژووی دامەزرانی دەبەنەوە ساڵی ١٣٤٨. چونکی تا کوژرانی "حەمەحسین کەریمی" کۆمەڵە وەک تەشەکولێکی سازمانی، وجودی خاریجی نەبووە و تا ئەو کاتە تەنانەت هیچ کەس ناویشی نەبیستووە، هیچ بەڵگەیەکیش بۆ سەلماندنی ئەو ئیددیعایە لە رێبەرانی کۆمەلە نەبینراوە و نیە.

کاتێک ناوی کۆمەڵە هاتە نێو نیوان، ریکخراوێک بوو کە بە هێندیک شوعاری چەپ و مارکسیستی یەوە لەو

سەردەمەدا سەری هەڵدا و لە بەرامبەر هەر کردەوەیەکی حیزبی دیموکرات دا ئەوان بە ئەرکی خۆیان دەزانی کە بەربەرەکانی لە گەڵ بکەن. ئەو سیاسەتەی کۆمەلە وای کرد کە زۆر جار کێشە لە نیوان هێزەکانی حیزب و کۆمەلە دا دروست بێ. ئەو کێشانەش بۆیە سەریان هەلدەدا چونکی کۆمەلە خۆی بە نوێنەری چینی کرێکار دادەناو حیزبی دیموکراتی بە نوینەری سەرمایەداری دەزانی. ئەو ئالۆزییانە وای کرد کە یەکەمین بەرخوردی فیزیکی لە مانگی بانەمەری ساڵی ١٣٥٩ دا لە ناوچەی سەردەشت روویداو پێشمەرگەیەکی حیزب بە ناوی "فەقێ عەلی رەسووی ئالی" شەهید بێ. ئەوە لە حالێکدا بوو کە کۆمەلەکان دەیانزانی کە ئەوانە پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتن! تەنانەت پێیان وابوو "بورژوازی" نەیتوانیوە بەرەنگاریان بێتەوە و دەبێ زەبری باشتری لێ بدەن. دیارە هەر جارێ لە شوێنێک و هەر دەمنادەمێ لە ناوچەیەک تێکهەلچوون رووی داوە. کاک "برایم" و کاک "عەولا" باسی ئەو تێکهەلچونانە دەکەن بەلام هۆکارەکانی باس ناکەن و تەنیا قامک بۆ رووداوێکی رۆژی ٢٥ی خەزەڵوەر درێژ دەکەن. بەردەوام لە کتێبەکانیان دا باسی دەکەن کە حیزبی دیموکرات لە پلینۆمێک دا بریاری شەری سەراسەری داوە. هیچ ئاماژەیەک بەوە ناکەن کە ئەو بریارە هەروا ختوخۆرایی نەدرا و لە پێشدا لە هەر جیگاک ئەوان بەهێز بایەن شەریان بە حیزبی دیموکرات دەفرۆشت ولە پێشمەرگەی حیزبیان دەدا.

کاک عەولا لە لاپەرەی ٢٤١ دا دەڵێ "تێکهەڵچونێک لە بۆکان یەک لە مهاباد، یەک لە سنە، یەک لە شوێنێکی تر ٩٩% ئەو تێکهەڵچوونانە ئەوە بوە حیزبی دێموکرات هاتوتە سەر ئێمە و کەمینی بۆ داناوین، پێشی پێ گرتووین لە خەودا تەقەی لە پێشمەرگەکانی ئێمە کردووە، تەوقەی لەگەڵ کردوین دوایی لە پشتەوە تەقەی لێ کردوین، هەمووی ئەوانە بووە من شانازی بەوە دەکەم کە کومەلە مقاوەمەتی کردوە. بەلام بروانە لە لاپەری ٢٤٠ بزانن دەلێ چێ: "نەک ئەوەی بلیم باوەرم بە سیاسەتی خۆمان نەبووە وە هی حیزبی دێموکراتم بە هەڵە و شەرخۆاز دەزانی، بەلام من وتم تەواوی قسەکانی من ئەوە بو لە رابردوو کە من خۆم یەکێک لە درێژەدرانی ئەو سیاسەتە بووم، بروام پێی بووە کاری دەکردە سیاسەتەکەمان ئەویش ئەوە بوو (هەر زەربەیەکی ئەوان لە ئێمە بدەن، ئێمە بە زەربەیەک جوابی دەدەینەوە قسەیان لێ ناخۆین) پێموایە کاری چاکمان کرد بەمە ئێمە ئاشتیمان لە کوردستان پاراست"!!!. لێرە با بزانین ئەو سیاسەتەی کاک "عەولا موهتەدی" کامەیە و کامە ئاشتییان لە کوردستان پاراست؟! بەلام با لە پێشدا قسەی کاک برایم علیزادە بخوینینەوە کە لە لاپەرەی ١٠٢ی کتێبی "سێ ساڵ..." دا دەڵی: "بە بروای من شەر لەگەڵ حیزبی دێموکرات، شەر لە سەر دەسەلات نەبووە ئەوە یەک، دووهەم، شەرێکی کلاسیکی چینایەتش نەبوو. شەری بورژوازی و پرولیتاریاش نەبو. لە ناوەرۆکی واقعی خۆی دا شەرێک بو

لە سەر دێموکراسی و دابین بوونی ئازادی بێ مەرجی هەڵسورانی کومونیستی کوردستان." لەو نوسراوەدا دەردەکەوێ کە کاک برایمیش زەمینەی بۆ شەڕ لەگەڵ حیزبی دیموکرات دا خۆش کردووەو دەستی داوەتە گەڵ کاک عەولاو مەنسور حکمت. چونکی دواتر کاک برایم عەلیزادە لە لاپەرە ١٠٨ی کتێبەکەی دا دەڵێ: " ئێمە ٣ مانگ موڵەتمان بە حیزبی دیموکرات دا دوای تەواو بوونی ئەو ٣ مانگە بڕیارمان دا کە بە چەکیش بێ مەودای درێژەی فەعالییەتی خۆمان لە ناوچەی هەورامان دابین بکەین." مانای ئەو قسەیە ئەوەیە لە هەر جێگایەک کە کۆمەلە وجودی نەبی بە چەک جێگای دەکەینەوە؟؟؟

خوێنەری بەڕێز! لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە ڕیبەرانی ئەوکاتی کۆمەڵە چۆن شەڕیان بە سەر خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکرات دا سپاندوە کاک "عەولا مهتدی "ناوی مقاوەمەتی لێ دەنێ و بە شانازی دەزانێ. کاک برایم عەلیزادە زۆر ئازایانە دەڵی "بڕیارماندا" هێرش بکەینە سەر حیزبی دیموکرات، قسەکانی کاک "عەولای مهتدی" لە سەر مقاومت نەفی دەکاتەوە کە دەڵێ "تەوقەیان دەکرد لە پشتەوە تەقەیان لێ دەکردین". لەوانەیە کاک "عەولا" مەبەستی شەوی ٦ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٣ بێ کە لە نییەتی پاکی حیزبی دیموکرات کەلکیان وەرگرت و سەعات ٢ی نیوە شەو (لە کاتێک دا کە یەک نێوی شەوی هاوبەشیان لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزب بوو) هیرشیان کردە سەر بنکەکانی حیزب و ژنی ناو مالییان کوشت، کەچی پێی دەڵی مقاومت؟!؟ جالب ئەوەیە کاک"عەولا" دەڵێ "من زۆر دەمیک پێش ئەوە پێموابوو دەبێ ئاگر بەستی یەک لایەنە لە گەڵ حیزبی دیموکرات رابگەیەنین.(لاپەرەی ٢٣٩) هەروەها دەلێ سەید برایم و ئەوان (مەنسور حکمت) پێیان وابوو ئەوە ئالای شکستە، ئالای سپییە هەڵمکردوە. "

" بەڵام کاک برایم عەلیزادە لە لاپەرە ٢٤٩ دا دەڵێ "بە پێچەوانەی کاک "عەولا" بڕیارنامەی ئاگر بەستی یەک لایەنە پێداگری مەنسوری حکمت و بە دەست وخەتی ئەویش نوسرا" هەوەها دەلێ بۆچوونی کاک "عەولا" لەسەر ئەو شەرە هیچکات نەبوو بەسیاسەتی رەسمی.

خەلکینە بۆ خۆتان قەزاوەت بکەن کە ئێستا کام یەک لەو دوو ڕێبەرەی کۆمەلە راستییەکان دەڵێن و ئەو کات چۆن دەستیان داوەتە یەک بۆ دژایەتیی حیزبی دیموکرات، دیارە ئەوانە ئێستا دوو کۆمەڵەی جیاوازن بۆیە زیاتر وێدەچێ کاک "عەولا " قسەکانی گۆڕیبێ. بڕوانە گۆڤاری "پێشڕەو" ژمارە ١١ سەبارەت بە شەری دیموکرات و

کۆمەڵە دەڵی:" هێرشی چەکدارانە بۆ سەر کۆمەڵە، نیشانەی نیگەرانی وداماوی بورژوازی کوردە، دیموکرات خوینی کومونیستەکان دەرێژن، ئەم شەرە دژی کریکارانە".

کاک "تیمور مستەفایی" ئەندامی دەفتەری سیاسی "حدکا" کە ئەو کات لە جنوب کوردستان کاری دەکردو بەرپرسایەتی هەبوو لە کتێبەکەی دا (لە چیاکانی زاگرۆسەوە) ولامێکی باشی بەو قسانەی "برایم علیزادە" و "عەولا موهتەدی " تیدایە نیشانەی ئەوەیە، ۹۹ دەرسەدەکەی کاک عەولا کە حیزبی دیموکرات تاوانبار بە شەر دەکا دوور لە راستیە و هەرچی کۆمەلە وتی راست نیە. کاک تەیمور مستەفایی ئاوا باسی ئەو رووداوانە دەکا:
"کۆمەلە هەر لە سەرەتای پێکهاتنیەوە دەستی بە پروپاگەندە بە دژی حیزبی دیموکرات کردوو کادرو ئەندام و پێشمەرگەکانی خۆی بە گیانی دژایەتی لە گەل حیزبی دیموکرات پەروەردە کردووە. لە ساڵی ٦٠ەوە لە هەر ناوچەیەک هێزی حیزب لاواز بایە کۆمەلە دەکەوتە بیانوو گرتن بە حیزب و زۆر جار بە شەهیدکردنی پێشمەرگەکانی حیزب دەیهەویست ئاوی چاوی پێشمەرگەکان وخەڵک بگرێ وبە زۆری خۆی بە سەر خەڵک دا بسەپێنێ وچەند جارێک لە جنوب شەری دژی حیزبی ساز کردو وزەبری لە پێشمەرگەکانی حیزب دەوەشاندوو لە شوینەکانی دیکە کە هێزی لاواز بوو دەیان گووت ئەوە پێوەندی بەوانەوە نیە. لە ناوچەی کامیاران شەریان دژی حیزب ساز کردوو چەند پێشمەرگەی حیزبیان بە دیلی ئێعدام کردن وخەڵکی گەندەکەش قورعانیان هێنابوو کە بۆخاتری قورعان ئەو پێشمەرگانەی حیزب شەهید نەکەن بەلام پاش سوکایەتی کردن بە قورعانەکەش پێشمەرگەکانیان ئێعدام کردبوو".

با هێندیک بەڵگەی دیکە بێنینەوە کاک "عەولا" وەک بۆخۆی دەڵێ یەکیک لە دارێژەرانی سیاسەتی کۆمەڵەبووم، زۆرم پێ سەیرە لە کتیبەکەی دا "موسەللەسی سێ گۆشە" غایبە کە لە کومونیستی ژمارە ١٥ دا بلاو بۆوە(چونکی زەرەری بۆ پەز هەیە) "ئەو موسەللەسی سێ گۆشەیە" یەکێک لە تێزە بەناوبانگەکانی کاک"عەولامهتدی" یە، کە گۆشەی لای سەرەوە کۆمەلە بوو( واتە چینی کرێکار) دوو گۆشەی خوارەوەی لایەکی دیموکرات( نوێنەری بورژوازی) بوو، لایەکەی دیکەی کۆماری ئیسلامی، بە بڕوای دارێژەری تێزەکە لە پێشدا دەبوو حیزبی دیموکرات نوینەری "بورژوازی" لە بەین بەرێ، دواتر رووی چەکەکانیان لە رێژیمی ئیسلامی بکەن. تەنانەت لە کۆنگرەی ٢ی کۆمەڵە کە حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی بورژوازی پێناسە کراوە کە قەراریش بوو بە نەهێنی بمێنێتەوە کاک "عەولا مهتدی" پێی وا بوو حیزبی دێموکرات دژی شۆرشە، واتە لە کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵەوە لە ساڵی ١٣٦٠ شەریان

لەگەڵ حیزبی دێموکرات راگەیاندوە! لێرەدایە رێبەرانی کۆمەڵە شەریان لەگەڵ حیزبی دێموکرات پێ گرینگتر بوو تا کۆماری ئیسلامی، تەنانەت ئی خۆیان واپەروەردە کردبوو کە هیچ شک و گومانیان لە پێویستی شەڕ لەگەڵ حیزبی دیموکرات نەبێ. کەوایە چ لزومی هەیە بڵێی حیزبی دیموکرات دەستپێشخەری شەرە؟ کاک "عەولا" و کاک "برایم" ئیددیعا دەکەن حیزبی دێموکرات دەستپێشخەری ئەو شەرە بووە، بۆ بەرپرچدانەوەی ئەو قسەیە ئەو بەڵگەیە دێنمەوە کە کۆمەڵە لە نامیلکەیەک دا لە تاریخی ١٤ - ٦ - ١٣٦١ بە ناوی "لزوم اقدام قاطع و بە موقع علیە ماجراجوئیهای حزب دیموکرات" نوسیویەتی: (ئەو نوسراوەیە دوو ساڵ پێش شەری دێموکرات و کۆمەڵە لە هەورامان بووە).

ئەوە کە حیزبی دێموکرات بەسەر کوردستان دا زاڵ بێ یان رێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە نێوەرۆکدا فەرق ناکا هەردووکیان هۆی سەرکووتی کۆمەڵان و پارێزەری سیستەمی سەرمایە داری و چەوساندنەوەی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک بە هۆی سەرمایەوەن. لەو حاڵەدا نابێ لە دەست چوونی یەک یان تەنانەت چەند بەش یان ناوچەش لە بەرامبەر رێژیمی کۆماری ئیسلامی دا بە گرنگ بزانین. چونکە هەروەک گوتمان مودارا لەگەڵ حیزبی دێموکرات بە مانای لە دەست چوونی ناوچەیەک بۆ ئێمەو دانی بە حیزبی دێموکراتە" لیرە دا هیچ شک وگۆمانێک لە سەر تێزەکەی کاک"عەولا " ناهێڵێتەوە لە بەین بردنی حیزبی دیموکرات گرنگتر بووە؟!

هەر ئەو سەرچاوەیە دەڵێ: "ئێمە دەبێ لە بیرمان بێ کە سەرەنجام ئەوە ئێمەین کە لە هەل و مەرجی سەختیش دا درێژە بە خەباتی خۆمان دژی رێژیمە کۆماری ئیسلامی دەدەین، نەک حیزبی دێموکرات. ئاخرەکەی ئەوە ئیمەین کە شێلگیرانە خەبات کۆمەلانی خەڵک بۆ لە نێو بردنی هێزە سەرکووت کەرەکانی رێژیم لە کوردستان و بە کارهێنانی دەسەلاتی شۆرشگێرانەی ئەوان رێبەرایەتی دەکەین نە حیزبی دێموکرات، کە وا بوو ئێمە ئەگەر تەنانەت ناوچەیەکیش لە بەرامبەر رێژیمی کۆماری ئیسلامی دا لە دەست بدەین، بە لام بتوانین وەلامێکی ددان شکێن بە جنایەتەکانی حیزبی دێموکرات بدەینەوە، لەو حاڵەدا بە پاراستنی هێزەکانمان دەتوانین لە دوا رۆژدا مشووری هێزەکانی رێژیم لەو ناوچەیەدا بخۆین"

ئیستا با خوێنەران بزانن کێ ئەو دەستووره "شۆرشگێرانە"یەی دەرکردبێ و دەبێ لە لایەن کامیانەوە درا بێ (هەر چەند لە بریارەکەوە دیارە هەموویان لەسەری کۆکن.) لەو بارەیەوە هەر هەمان سەرچاوە بە راشکاوی دەڵێ: "

ئەوە تەنیا دەفتەری سیاسی، یان کومیتەی ناوەندی دەتوانن تەشخیسی بدەن... ئەم ئامادەییەتان هەبێ بە یەک فەرمانی دەفتەری سیاسی و بە پێی بەرنامەیەک کە دەفتەری سیاسی دیاری دەکا دەست بە جێ و بێ هیچ ئەم لاوئەولایەک بەرەنگاری هێرش و جەنایەتەکانی حیزبی دێموکرات ببنەوە".

ئەوەی خوێندتانەوە دیدگای کۆمەڵە بووە لە ساڵی ١٣٦١، بۆمان دەرکەوت وە خەڵکی کوردستانیش باش دەزانن کە کۆمەڵە چەندە لە هەل و مەرجی سەخت دا درێژەیان بە خەباتی خۆیان دژی کۆماری ئیسلامی داو چەندەش "شێلگیرانە خەباتی کۆمەڵانی خەڵک بۆ لەنێو بردنی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم لە کوردستان و بە کارهێنانی دەسەڵاتی شورشگێرانەی ئەوان رێبەرایەتی" دەکا؟

کاک "عەولا مهتدی" لە لاپەرەی ١٨٣ی کتێبەکەی دەڵێ "لە کاتی شەردا، بەعس یارمەتی دێموکراتیان دا هی کۆمەڵە نا". بەداخەوە کاک عەولا ئاوا تەعبیر دەکا کە دەوڵەتی بەعس دەبێ پشتی دێموکراتی گرتبێ بۆ لێدانی کۆمەڵە، کە بەراستی ئەو وتەیەی کاک "عەولا" دوور لە راستیە چونکە دەبێ بۆ وەڵامەکەی بڵێم لە دەورانی دەسەڵاتی بەعس دا حیزبی دێموکرات خاوێنترین رابردووی لەگەڵ رێژیمی بەعس هەبووە، بۆ ئسپاتی ئەو قسەیە وتەکانی دوکتور محمود عوسمان گەورەترین بەڵگەیە کە گووتی"من شانازی بە حیزبی دێموکرات دەکەم کە خاوێنترین و پاکترین حیزبە". یان بەڵگەیەکی زیندووتر بێنمەوە، لە کاتی جەریانی هەلەبجە ٧٥٠ پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لەوێ بوون کاتێک ئێران هەلەبجەی گرت ئێمە بە کۆمەلەمان زۆر بە نیاز پاکی گۆت" کە ئێستا وەزعەکە ئاوایە با بەیەکەوە بین تا لەو شەرەی نیوان ئێران و عیراق دەرباز دەبین" بەڵام مەسئولەکەیان وابزانم "شوکی خیرئابادی"بوو گوتی "ئێوە بەریگای خۆتان دا وئێمەش بە رێگای خۆمان دا"، ئێمە دوو جاریشمان پێ گووت. بە داخەوە ئەوان لەو جەریانە تیدا چوون و ئێمەش بە هاوکاری دۆستان پاش سێ رۆژ توانیمان لە گەمارۆ دەرباز بین. ئەو کاتە هەم شەڕمان بوو هەم دەولەتی بەعسی لی بوو بەلام ئێمە بەمجۆرەمان هەست بە مەسئولییەت کرد. ئەو کتێبەی کاک "عەولا" جالبەکەی لێرەدایە کە لە رادەبەدەر بە کۆمەڵەدا هەڵ دەڵێ و دەڵێ "وەختێک کۆمەڵە خۆی ئاشکرا کرد و حیزبی دێموکرات لە تەبعید و تاراوگە هاتەوە دوای ماوەیەکی کەم کۆمەڵە زۆر بە ئاسانی یەکێک لە دوو حیزبی سەرەکی کوردستان بوو" پێی وایە پێش حیزبیش کەوتن تەنانەت سەرتۆپی رووناکبیری کوردیان لە خۆیان دا دەدیت. خوێنەرانی بەرێز کاک "عەولا" وکاک "برایم"باش دەزانن کاتێک لە کوردستان هەڵبژاردن کرا کۆمەڵە لە هەموو سندووقەکان بە دۆراوی سەری دەرهێنا بۆی دەرکەوت کە لەمبارەوە چەندە لە

هەڵە دان و دیارە کاک "عەولا مهتدی" ئێستاش هەروا خۆشباوەرە، لەوەتا گووتویەتی ئێمە هەڵە بووین (واتە هاتنە دەر لە حیزبی کومونیست) ١٨ ساڵە هەڵەمان کردووە پێی وایە خەڵکی کوردستان هەموو رووی کردۆتە کۆمەڵەی کاک "عەولا"، ئەوەتا لە لاپەرەی ٩٨ و ٩٩ دا دەڵێ: " ئێستا لە موکریان و مهاباد لە پێش دێموکراتین، لە موکریان کە بێشکەی سەرهەڵدانی دێموکراتە زۆر بەهێزین، مهاباد لە دێموکرات دوورکەوتۆتەوە، دێموکرات ١٠ ساڵە تووشی رکود بوو وە کۆمەڵە باش پێشکەوتووە".

بە داخەوە روانگەکانی کاک "عەولا" هەمیشە ئەو هەڵکێشان و داکێشانەی هەیە ناوبراو دەبێ باش بزانێ کە ئەوە خەڵکە دیاری دەکا کێ زۆرەو کێ کەمە. هەرخۆی لە لاپەرەی دواتردا قسەکانی خۆی بە مونتەفی دەزانێ وەری دەگرێتەوە. بەڵام بۆ هۆی لە پێش بوونی کۆمەڵە قامک بۆ هیچ بەڵگەیەک درێژ ناکا.

ئێستا با بزانین کۆمەڵە چەندە دژی حیزبی دێموکرات تا نووسینی ئەم دێرانەش خوێندوویەتی. دیارە لە هەموو کۆنگرەکان قسەیان کردووە بەڵام من چەند نموونەیەک دێنمەوە.

لە بریارنامەی کۆنگرەی شەشەم لە بەشی ستراتیژی کۆمەلە لەکوردستان دەلێ:" شەرتی لازم سەرکەوتن تەنیا زاڵبوون بە سەر هێزەکانی حکومەتی ناوەندی نیە بەلکوو پێشگرتن لە هەوڵەکانی ئەحزابی بورژوازیی مەحەللی لە کوردستان بۆ ئەوەی نهادەکان وئورگانەکانی خۆیان لە جیاتی نهادوئورگانەکانی دەولەتی دانەمەزرێنن" هەر وەها کاک "عەولا"بە بۆنەی رۆژی کۆمەلەوە لە ستوکهولم بەم شێوەیە هێرش دەکاتە سەر حیزبی دیموکرات؛ "ئێمە دەتوانین لایەنگری بەرانبەری ئازادی میللەتان بین بە بێ ئەوەی "فلسفەی سیاسی ناسیونالیسم" قەبول بکەین یان هیچ سازگاری وئاشتی یەکمان هەبێ لە گەڵ ناسیونالیسم. ئێمە نە ئیمتیازێک دەدەین بە ناسیونالیسم ونەمەیدان چۆل دەکەین بۆئەوان" کاک ئەولا ئەو قەسانەی لە دەورانی ئاشتی دا وتووە واتە بەم دیدگایە لە داهاتوو بتوانێ لە گەڵ حیزبی دیموکرات ولات ئیدارە بکا؟! هەروەها ناوبراو لە "افق سوسیالیزم" ژمارە ٤ دەنوسێ "ئەوە بەسە کە سرنج بدەین کە یەکێک لە ئاکامەکانی رێبەری رەوتە بورژوایی کان لە جولانەوەی نەتەوایەتی دا بریتی لە: "افراگی گری" لە کێشەی نەتەوایەتی، نێل دانی کورەی "قوم گەرایی"، پێکهێنانی کینەو دوژمنایەتی لە گەڵ گەلان و فەرهەنگەکانی دیکە لە لایەک و تەون وبەست لەگەل دەوڵەتەکانی دەسەلاتدار و بورژوازی نەتەوەی بالا دەست و پشت تێکردن لە مافی خەڵکی ژێر ستەم لە لایەکی تر. سەرانسەری مێژووی خەباتی نەتەوەی لە دەیەکانی

رابردوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان شاهیدی بۆ راستی ئەو ئیدیعایە دەدەن و ئێمە خۆمان لە کوردستانی ئێران هەردوو ئەو حاڵەتانەی سەرەوەمان تەجرەبە کردووە بە چاوی خۆمان بینیومانە".

بەراستی خەلک باوەر بە کام یەک لەو قسانە بکا هەرجارێ لە هەوایەک بخوینی. بەراستی لەکاک عەولا بپرسی تەبلیغ و تەشویقی نیشتمانپەروەری و نەتەوە پەرەستی بە مەبەستی پاراستنی هوویەتی میللی نەتەوەکەمان لە بەرامبەر سیاسەتی شوینیستی فەرمانرەوا بە مەبەستی ئاسیمیلاسیونی نەتەوەی کورد، دەبێتە"افراگی گری" لە مەسەلەی میللی و نێڵ دانی کورەی "قوم گەرایی"؟. یان دیفاع لە ماف ومەوجودییەتی گەلی کورد لە بەرامبەر هێرشی درەندانەی دوژمنانی ئەو نەتەوەیەدا بە مانای پێک هێنانی کینە ودوژمنایەتی لە گەڵ گەلان و فەرهەنگەکانی دیکەیە؟ لە راستی دا هەول دان بۆ چارەسەری کیشەی نەتەوایەتی و گەیشتن بە ماف و ئازادیە نەتەوایەتییەکان گەلی کورد لە رێگای ئاشتیخوازانە و وتوویژەوە دەبێتە تەون وبەست لە گەڵ دەولەتەکانی دەسەلاتدار و بورژوازیی نەتەوەی بالا دەست و، پشت کردن لە مافی خەڵکی ژێر ستەم؟. دیارە هەرچەند ئێستا کاک "عەولا"خۆی لە حیزبی دیموکرات بە نەتەوەییتر دەزانێ (بۆتە کاسەی گەرمتر لە ئاش) هەر بۆیەش بە دلنیایی دەڵێ لە حیزبی دیموکرات لە پێشترین لەوانیش نەتەوەیتر بیر دەکەمەوە؟هاتۆتە سەر ئەو باوەرەی کە مەسەلەی نەتەوەیی کورد مەسەلەی ئەساسییە.(دەتوانین بڵێین ئەوەیان جیگای خۆشحالییە پاش ٢٠ ساڵ).

ناوبراو کە سەبارەت بە هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دیموکرات لێی دەپرسن، وەک کەسێکی سیاسی لایەنەکانی ئەو هێرشە هەڵناسەنگێنێ بەلکوو زۆر ناواقعیانە تاوانی ئەو هێرشە دەخاتە پاڵ حیزبی دیموکرات لەویشدا تەعریفی کۆمەڵە دەکا کە تەعەهودی لە گەڵ یەکیتی نەداوەو ئەوە دیموکرات بوە تەعەهودی داوە!

کاک برایم عەلیزادەش لە سەر ئەو هێرشە دەڵی"لە واقیعدا مەبەستی رێژیمی ئێران، حیزبی دیموکرات نەبوو، حیزبی دیموکرات بوو بە بیانوو. ئەو بەرێزانە بە شێوەیەکی قووڵ هەمەلایەنە نەچوونەتە نێو کێشەکەوە بزانن مەوقیعییەتی ئەوکاتی حیزبی دیموکرات چۆن بووە. تواناکانی لە چ ئاست دابووە، ئەوان تەنیا وایان بە باش زانیوە حیزبی دیموکرات چووکە چاو لێ بکەن. بڵێن کۆمەلە هیچ کات لە حیزبی دیموکرات کەمترنەبوە؟.

سەرچاوەکان:

١- تاریخ فەرهنگ ادب موکریان(برایم افخمی) "ل ١٨"
٢- نگاهی بە أزربایجانغربی جلد ٢ ایرج افشار سیستانی "ل ٩٧٩"
٣- تاریخ فەرهنگ ادب موکریان "ل ٦"
٤- هەمان سەرچاوە "ل ٢٣"
٥- هەمان سەرچاوە "ل ٦٥"
٦- داهاتووی بۆکان ژمارە ٨

## رۆڵی فەرماندەرانی نیزامیی لە مێژووی حیزبدا

ئاوردانەوە لە مێژووی ٧٠ ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کارێکی سانا نیە چونکی ئەو حیزبە لە ماوەی ٧ دەیەدا قۆناغی جۆراوجۆری خەباتی تێپەڕاندوەو لە درێژەی ڕێبازی خۆیدا زۆر هەنگاوی بەنرخی هەڵێناوەتەوەو کەندو لەندو کۆسپەکانی سەررێگای بڕیون و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی ریگایەکی درێژی پێواوە.

لە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا دەبێ زۆر لایەنی ئەو خەباتو تیکۆشانە هەلسەنگێنین‌و زۆر پیویستە هەموو لایەنەکانی خەباتی ئەو ٧ دەیەی حیزب بخرێنە بەرباس‌و شیکرێنەوە. بەسەرنجدان بە جۆراوجۆریی بوارەکانی خەباتی حەقخوازانەی نەتەوەکەمان دەزانین کە یەکێک لە شێوەکانی کاری نیزامیی‌یە.

با بزانین لەوماوەیەدا کاراکتیرەکانی ئەو بەشە چ رۆڵیکیان لە جووڵانەوەی نەتەوەکەماندا هەبووە. لەوانەیە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەو بەشە لەمێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆر کەرەسە پێویست بێ کە ئیستا لەبەردەستدایە.

رزگاری کەلەکەیان کردوە. هەر بۆیە لەگەڵ ئەم بیرە تاڵو شیرینەدەیان بنەماڵەی سەربەرز و ناودار خۆیان دەخزێنە ناو خەیاڵەوە کە بەراستی قەڵەم لە ئاست گەورەی و لە خۆبردووییان دەروەستی نووسینو بەسەرهاتیان نایە.

لە میژووی دەیان سالەی خەباتو بەربەرەکانی گەلی کورد لەپێناوی ئازادیو دیموکراسیدا، کەم بنەماڵەی کوردستانی خۆشەویستو خۆڕاگر دەبینرێ کە جگەر گۆشەیەک، یا خۆشەویستێکی پێشکەش بە بارەگای ئازادی نەکردبێ‌و رۆڵەیەکی شۆڕشگێرو قارەمانی کە بەرەنجو ئارەقەی نێوچاوان گەورە کردووە لە پێناو بەختەوەری نەتەوەکەیدا فیدای نەکردبێ، ئەو خەباتە رەوایە کە بۆ وەدەست هێنانی مافی گەلی کورد، دیموکراسیو ئازادی و سەربەستی لەئارا دایە بە خوێنی باشترینو بە ئەمەگترین رۆڵەکانی ئەم نیشتمانە گەیشتۆتە قۆناغی ئیستا، بۆ گەیشتن بە ئازادی دەبێ خوێن بدەی. ئازادی خوێنباییەکی گرانە کە بە لافاوی خوێنی هەزاران لاوی دڵسووتاوی دڵ پڕ لە گڕی نیشتانپەروەری وەدی دێ.

بنەماڵەی کاک یوسفی موڕادی لە شاری سنە یەکیک لەو بنەماڵە تێکۆشەرانەن کە ٤ کوری قارەمانی بە ناوەکانی سەلاح مورادی، مەسعود مورادی، بەختیارمورادی و نەجمە موردی  پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد کە لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتدا خەباتیان دژی رێژیمی کۆنەپەرەستی کردووە سەرئەنجام لەو رێگایەش گیانی خۆیان بەخشی. ئەگەر بمانهەوێ باسی ئەو بنەماڵە تێکۆشەرە بکەین دەکەوینە بیر ئەو رۆلە قارەمانانەی کە بە کوردستانی بەخشی. ئاور دانەوە لە بنەماڵەیەک کە ٤ رۆڵەی بە نیشتمان بەخشیبێ کارێکی هاسان نیە چونکی شۆرش بە بارتەقای خۆی لەسەر شانی ئەو جۆرە بنەمالانەو زحمەتکێشانی کوردستان بووەو رۆڵەکانی ئەو گەلە بەشخوراوە بوون کە شۆڕشیان بەو قۆناغە گەیاندوە.

یوسف مورادی کەسایەتی‌یەکی نیشتمانپەروەری شاری سنەیە کە وەک ٤ کورە شەهیدەکەی بڕوایەکی قووڵی بە رێبازی حیزبو مافەنەتەواییەتەکانی گەلی کورد هەبوو. کەم کەس هەیە لە شاری سنەی خۆڕاگر کاک یوسفی باوکی چوار شەهیدەکەی دیموکرات نەناسێ، دڵسۆزیو خەمخۆری یوسف مورادی باوکی ٤ شەهید بۆ نەتەوەکەی وای کرد بوو کە دەزگای سیخوڕی و ئیتلاعاتی رێژیم چاوی دیتنی باوکی ئەو شەهیدانەی نەبوو بۆیە زۆر جار لە لایەن ئیتلاعاتەوە دەگیراو نزیک بە ٣ ساڵ لەسەر بیروباوەری کوردانەی لەزیندان کرا بیجگە لەخۆی بنەماڵەکەشی

چەندین جار لە لایەن ئیتلاعاتەوە راپێچی زیندان کران.

ئەگەر بەوردی بڕوانینە بنەماڵەی هەموو شەهیدان بۆمان دەردەکەوێ کە حیزبی دیموکرات خاوەن پێگەیەکی تایبەت لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری دایە، و ئەو راستییە بەباشێ دەردەکەوێ کە حیزبی دیموکرات لەسەرتاسەری کوردستان و لە هەموو شارو گوندەکانی کوردستان خاوەنی شەهیدە تەنانەت زۆر بنەماڵەی وەک کاک یوسف موڕادی هەیە کە خاوەنی چەندین شەهیدی سەربەرز بێ. بەڵام ئەوەی جێی سرنجە، بە گەڕانێک بە نێو شاری سنەدا بۆمان دەردەکەوێ کە بنەماڵەی شەهیدەکان و بە تایبەتی کەس وکاری شەهیدان لەسەر رێبازی دیموکرات وەفادار ماونەتەوە، یوسف مرادی تا کاتی سەرنانەوەی وەک کورە شەهیدەکانی بەم رێبازەدا رۆیشتو دوا وتەکانی بۆ خزمو کەس و کاری هەر ئەو وتەیە بوو "رێبازی دیموکرات لەبیر نەکەن" هەروەها برایەکی یەکێک لە پێشمەرگە بە تواناکانی حیزب بوو کە خزمەتێکی گەورەی بە نەتەوەکەی کردو ئەویش لەساڵی ١٣٨٥ کۆچی دوایی کرد. بۆیە ئێمە چەند کەس لە چالاکوانانی شاری سنە ئەم هەلە بەدەرفەت دەزانین لەرۆژی ٣٠ رەزبەر یەکەمین ساڵی کۆچی دوای کاک یوسف بچینە سەر گۆڕی باوکی ٤ شەهیدی حیزبی دیموکراتی کوردستانو رێزو ئەمەگناسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی پێشکەش بکەینو یادی ٤ قارەمانەکەیو هەموو تێکۆشەرە نەمرانەی کە لە رێگای وەدی هێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەماندا گیانیان بەخشیوە ناوو یادیان هەمیشە بەرز رادەگرین. بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان باش دەزانن کە هەر چەند دۆخی ئیستای کوردستان رێگا نادا کە تێکۆشەرانو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات رۆژانە بەخزمەتیان بگەن و سەردانیان بکەن بەڵام باش لەوراستییە گەیشتوون کە هاوسەنگەرانی ئەوان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان تا رۆژی رزگاری درێژەدەری رێبازی ئەوان و رۆڵە شەهیدەکانیان دەبن. دەزانن کە ئەوانتان لەبیر نەکردوە، چونکی هەمیشە ناوی شەهیدان، رێبازی شەهیدان رێ روونکەرەوەی خەباتە کە حیزبی دیموکرات ئاڵا هەڵگرییەتی.

## هەڵبژاردن بۆ بۆتە فەردپەرەستی؟

هەر جامعە سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتی چ لە چوارچێوەی حکومەتێک و دەوڵەتێکدا چ لە چوارچێوەی حیزب و گروە دابێ یاسا و ریسا و تایبەتمەندی خۆی هەیەو کەسان یا ئەفرادی ئەو کۆمەڵە پێرەوی لێ دەکەنو هەڵسوکەوتو کاروکردەوەیان لەو چوارچێوەیەدا تەنزیم دەکرێ. ئێمە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەموو ریکخراوەکانییەوە پیویستە پێرەوی لەو قانوونە بکەین کە دانراوە، با بەچاوێکی رەخنەگرانەوە چاو لە هەلس و کەوتی خۆمان بکەین وبیکەینە ئەزموونێکی دیکە بۆ درێژەدانی ئەرکی پیرۆزی کە کەوتۆتە سەرشانمان و رووناکی بخەینە سەر رێی کارو تێکۆشانمان.

کاتێک ئەندامانی حیزب بڕوایەکی پتەویان بە رێبازو سیاسەت تاکتیک وستراتیژی حیزب هەیە ئەمە مەرجێکی گرینگە کەوابوو دەبێ ئەو بیرو بڕوا وئیمان بوونە لە کردەوەو رەفتاردا رەنگ بداتەوە وبازتابی هەبێ. نیوەرۆکی کردەوە راست دەبێ لە خزمەت سیاسەت و ئامانجەکانی حیزب دابێ. ئامانجی حیزبەکەمان، ئامانجێکی ئینسانی پێشکەوتوانەو شۆڕشگێرانەیە، ئەو ئامانجە ئەوە دەخوازێ کە مەسەلەی سیمای ئەخلاقی و حیزبییانەی ئەندامانی حیزب بە هێند بگیرێ. ئەگەر کەسێک بوو بەئەندامی حیزب و شەرەفی ئەندامەتی پێ بەخشرا یەکەم هەنگاوی ئەوە کە مەحدوود دەکریتەوە واتە قسە کردنو هەڵسوکەوت هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی شەخسی دەکەوێتە ژێر تەعەهوودی حیزبی، بۆیە ناتوانی چی پێ خۆش بێ بیلێ، بەرژەوەندی حیزبی بۆ ئەندامی حیزب لەسەرووی هەموو شتیکەوە چاو لێ بکا.

لە حیزبی دیموکراتدا لە مێژە هەڵبژاردن بۆتە یەکێک لە پیوانەکانی دیموکراسی و بوونی ئورگانەکانی نوێنەر لە هەر شوێنێک، لە حیزبێکی شۆڕشگێرو دیموکراتدا بوونی ئورگانی هەلبژێراو نوێنەری دیموکراتیکی ئەندامانی حیزبی، یەکێک لەگرینگترین پێوانەکانی دیموکرات بوونی ئەو حیزبەیە. بەلام ئەوە بەو مەعنایە نیە ئەگەر بەشێوەیەکی درووست لە دیموکراسی کەڵک وەرنەگرین زەرەر مەند نابین. زۆر جار ئێمە خراپ لە دیموکراسی حالی دەبین هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد ناکرێ هەر کەس چی پێ خۆش بوو بیکا، ئەندامی حیزبی دەبێ لەدەرەوەی حیزبی بەتەواوی دیفاع لە سیاسەتی حیزبەکەی بکا، لە ناوخۆی حیزبیشدا رەخنەکانی بگرێ، ئەگەر

ئاوڕیک لە نووسراوەکانی چەند رۆژی رابردوو بدەینەوە بە تەواوی بۆمان دەردەکەوێ کە تەنانەت هێندیک کەس حیزبەکەش دەکاتە حیزبی فەرد و ناتۆرەی نەشیاو لە کەسایەتی یەکەمەکانی حیزبیش دەدەن، بێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە بوونی خالید عەزیزی بە نەفەری یەکەم تەنیا ویستی چەند کەس و تاقم نەبوە بەڵکوو ویستی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و هەموو ئەندامانی حیزب وبنەماڵەی شەهیدان بووە. ئەگەرچی لە کۆنگرەی ١٦ی حیزب رەخنە لە شیوەی هەلبژاردنی ئەندامانی رێبەری گیراوە بەلام ئەوە بەو مەعنایە نیە کە حیزب بەرەو دیکتاتۆری و فەردپەرەستی هەنگاو دەنێ بەلکوو زەروورەتی ئەمرۆیی حیزب بۆ ئەو دەورەیە ئەوەی خواست. زۆر سەیرە پاش ٧٠ ساڵ حیزبەکە بەوە تاوانبار بکەین کە حیزبی فەردە، لەوە سەیرتر ئەوەیە ئەو کەسانەی کە حیزب بە حیزبی بەرێز خالید عەزیزی ناو دەبەن لە ژێر سێبەری ئەو حیزبە کە ناوبراو سکرتیریەتی گەورەترین ئیمتیازیان پێ دراوە بێ ئەوەی کە هەست بەبەر پرسایەتی بکەن و بی ئەوەی بزانن کە چیان بۆ ئەو حیزبە کردوەو حیزب چی بۆ ئەوان کردوە.

## شەش دەیە دوای راپەرینی جووتیارانی موکریان

بە دوای جوانەمەرگ بوونی کۆماری کوردستان وگیرانەوەی شارو ناوچە ئازادکراوەکانی کۆمار، جارێکیتر زوڵم وزۆر وسەرکوتی دەست وپێوەندەکانی حەمە رەزا شا لە سەر کوردستان، سێبەری خست و بێ حورمەتی و سووکایەتی بە وەرزێران و زەحمەتکێشان سەری هەڵدایەوە. هێندیک لەئاغا و دەرەبەگەکانی ناوچەی بۆکان ئازارو ئەزییەتی وەرزێران و پێشێلکردنی مافەکانی ئەوانیان گەیاندبووە ئەو پەڕی خۆی و بە شێوەی جۆراوجۆر جووتیارانیان دەچەوساندەوە. هەر بەو پێیەش بزووتنەوەی خەباتگێڕانە بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ دەرەبەگەکان لە نێو جوتیارانی موکریاندا بەرە بەرە لە حاڵی گەشەکردن دا بوو. هاتنە سەرکاری دەوڵەتی موسەددیق و کرانەوەی فەزایەکی ئاوالای سیاسی، دەرەفەتێکی باشی بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوەی جووتیاران بە دژی حەمەرەزاشا و دەرەبەگەکانی ناوچە خوڵقاند. خەڵکی کوردستان بە گشتی و وەرزێران بە تایبەتی کە هێشتا داخی لە دەستچوونی کۆماریان لە دڵ دا بوو لە لایەکی دیکەشەوە پشتیان لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی و فشاری باج وخەراجی ئاغاکان دا چەمابۆوە، بە دژی ئەو باروو دۆخە راپەرین و جووڵانەوەیەکی بەرینیان وەرێ خست.

دوکتور موسەدیق سەرۆک وەزیری ئەو کات لە رەزبەری ١٣٣١ بۆ کەمکردنەوەی دەسەلات و پاوانخوازی

ڕێژیمی دڵڕەش لە بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ شاروخ مرادی لە ناوچەکانی کوردستاندا بێتوانا بوو، بۆیە بیری لە پیلانێکی دیکە کردوە بۆ لەنێوبردنی شاروخ. بەداخەوە لە باشووری کوردستان پیلانەکەی جێبەجێ کرد. لە ڕۆژی ٢١ی خەزەڵوەر سالی ١٣٧٢ لە کاتێکدا شاروخ و چەندکەس لە هاوڕێیانی پێشمەرگە کە لە شاری دەربەندیخان بەرەو بنکەکانیان بۆ ناوتاق دەگەرانەوە، کەوتنە سەر مینی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی و بەداخەوە شاروخ مرادی لەگەڵ ٤ هاوسەنگەری دیکەی بەناوەکانی ئەنوەر ئیبراهیمی، سەلاح مرادیان، رەشید رۆستەمی و تاهیر مەنووچێهری شەهید بوون.

-----------------------------------

## لە یادی ٣٠ ساڵەی شەهیدبوونی قادر ئیفتیخاری

شۆڕشگیڕانی کورد خەبات دەکەن تا نیشتامانەکەیان ئازاد بێ نەتەوەکەیان بە مافو ئازادییەکانی بگا . خەباتی شۆڕشگیڕانی کورد لە پێناوی ئەم ئامانجەدایە، زۆر لاوی بەئەمەگ بۆ وەدیهاتنی ئاواتی نەتەوەکەیان، گیانی خۆیان داناوە بۆ ئەوەی نەسلەکانی داهاتوو بە ئاسوودەیی و سەربەستی لە نیشتمانی رزگارکراویان دا بژین.

مێژووی حەماسەو قارەمانەتی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم بوارەدا جێی شانازیی نەتەوەکەمانە. لەوراستایەدا کەمتر ڕۆژی ساڵ هەیە کە رۆڵەکانی حیزبی دێموکرات شانازیان تێدا نەخوڵقاندبێ.

یەکێک لەو ڕۆژانە کەلەودا رۆڵەکانی نەتەوەی کورد، بە فیداکاریی و کۆڵنەدانیان لاپەڕیکی دیکەیان بە حەماسە وقارەمانەتی نەتەوەکەیان زیاد کرد. ڕۆژی ٥ی سەرماوەزە لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بە فەرماندەیی قادر ئیفتخاری بوو.

شەهید قادر ئیفتخاری ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی لە ئاوایی «چەشمەگۆل»ی سەر بە شارستانی شنۆ لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە دایک بوو. لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر کە خاوەن بیرۆکەیەکی پیرۆزی کوردایەتی بوون گەورە بوو. باوکی لەگەڵ سەرۆوەرییەکانی کۆمار ژیانی تێپەر کردبوو، بۆیە قادر زۆر زوو هەستی بە بێبەشی نەتەوەکەی

پێشمەرگەکاندا تەقییەوە و بەداخەوە قادر ئیفتخاری لەگەڵ ٦ قارەمانی دیکەی نەتەوەکەمان بەناوەکانی خالید ناسری، برایم هەمزەیی، ئەحمەد خەلیلی، سەیدکەماڵ، سەعید ئەڵواری و برایمی حەمەرەش گوڵی تەمەنیان پەرپەڕ بوو. بەمجۆرە ٧ قارەمانی نەتەوەی کورد لە گەرمەی بەربەرەکانی دا گیانیان بەختی دیموکراسی و مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکەیان کردو بە خوێنی سوورو گەشیان لاپەرەیەکی مێژووی خەباتی نەتەوەی کوردیان نەخشاند،

ئێستا ٣٠ ساڵ بە سەر شەهید بوونی فەرماندەری لێوەشاوەو ٦ هاوسەنگەریدا تێدەپەرێ لەو ماوەیەدا هیچ کات ناو و ناوبانگی قادری ئیفتخاری و هاورێکانی لە بیر نەکراوە، چونکە لە دوای شەهید بوونی ئەودا رۆڵەکانی دێموکرات زۆر شەری قورسیان بە یادی ئەو و هاورێکانی بەرێوە بردو خورپەیان خستە نیو دڵی کۆنەپەرستانی داگیرکەر. ئێستاش رێگا و رێبازی قادرئیفتخاری و خالید ناسری، برایم هەمزەیی، ئەحمەد خەلیلی، سەیدکەماڵ، سەعید ئەڵواری و برایمی حەمەرەش، هەروا پڕ ڕیبوارە.

لە ژمارە ٦٢١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٧ی دێسەمبەری ٢٠١٣

# عێراقو هۆکارەکانی دروستبوونەوەی شەڕ

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەتەوەیەکی گەورە دەبینرێ بە ناوی نەتەوەی عەرەب، لەدوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، ئەلقاعیدە لەو بەشەی کە سەدام دەسەڵاتی هەبوو دوای رۆیشتنی هێزەکانی ئەمریکا چنگی خۆی لێ قایم کرد، ئەگەرچی لەمانگی دیسامبری ٢٠١١ هێزەکانی ئەمریکا عێراقیان بە جێهێشت ئەلقاعیدە پێگەیەکی لاوازی لە عیراق هەبوو، هەر لەوکاتەشدا شیعەو سوننە لەو وڵاتەدا بەیەکەوە هاوکاریان دەکرد کە دەتوانین بڵێین ئەوە بۆ یەکەم جار لەوڵاتیکی عەرەبدا رووی دا.

لە کاتێکدا بۆ رزگاری عێراق  زیاتر لەسەدان سەربازی ئەمریکا گیانیان لەدەست دابوو. لەکاتێکدا خەڵکی عێراق لەچنگ زۆڵمو زۆری رژێمی سەدام لە لایەن ئەمریکاوە رزگاریان بوو. پاش دوو ساڵ ئەلقاعیدە نفووزی خۆی لە نێو شارە گەورەکانی عێراق پەرە پێداو دیسان خەلکی عێراق چاوی لە ئەوان بوو کە دەسەڵات بەدەستەوە بگرنەوە، چونکی لەسەرەتاوە عێراقییەکان لە لایەن تیرۆریستانەوە هەرشەیان لێ دەکرٍاو بە هۆی پشتیوانی کردنو پارێزگاری لە دەسەڵآتدارانی نوێی عێراق. بۆیەش زۆربەی ئەو دەسکەوتانەی ئەمریکا لەشەردژی عێراق بەدەستی هێنان لەشەری درێژخایەنی چەند ساڵەی عێراق کە زیاتر لە ٤٤٠٠ سەربازی ئەمریکی کوژرانو بێ سەروشوین بوون و لەدەستیاندا.

پاش سەرهەڵدانی خێرای ئەلقاعیدە لە عێراق، وڵاتانی ئوروپاییو ئەمریکا پاش چەندین دانیشتنو وتووێژ لەسەر بنبڕکردنی کاری توندوتیژی و ئیسلامگەرایی لە عیراق کۆتایی بێنن، بەڵام کاتێک ئەلقائیدە شارەکانی فەلووجەو رۆمادیە دەستی بەسەر داگرتنو پاشان لەلایەن عیراقەوە گیرانەوە وەک خوێناویترین شەر چاوی لێکراو ئاوێکی ساردیان بەدەستی وڵاتانی رۆژئاوایی داکرد. تەنانەت راوێژکاری پیشووی بووش "فریدکەگان" وتی" من لەوە دەترسم ئەوە دەست پێک بێو لەوانەیە زۆر خراپتریش بێ" ناو براو راستی گوتووە چونکی باش دەزانین تیرۆیستان لە دلی سوننییەکان واتە پارێزگای ئەنبار تەحقیر کران ئەو جێگای کە ئوسامە بنلادن ئیدعای دەکرد دەیکاتە گۆرستانێک بۆ ئەمریکێەکان!.

کەموزۆر شەڕ لەنێوان ئەلقاعیدەو عێراق هەر درێژەی کێشا تا سەرئەنجام گروپێک لەو نێوەدا جیا بۆوەو ناوی دەولەتی ئیسلامیعیراقو شام "داعش"ی لە خۆی ناو سەرلە نوێ دەستی بەسەر پارێزگای ئەنبارو نینەواو چەند شاری دیکەدا بگرێتەوەو بە روخی ئەمریکای بکێشێ و هەر لەو کاتەشدا بلێ ئیرە هی موسلمانانە،و بیکاتە پایەگایەکی خۆیو بۆ درووست کردنی نائەمنی لە سنوورەکانی لبنان، ئوردونو سورییەو تەنانەت دۆستایەتی کردن لەگەڵ دۆستەکانی ئەمریکا لە کەنداوی عەرەب. دیارە لەوەها باردودۆخێک ئەو دەسکەوتانەی ئەمریکاو دۆستەکانی و عیراقییەکان لە رابردوودا بەدەستیان هێنابوو لەمەترسی دادەبن.

زۆربەی کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیو رەخنەگرانو تەنانەت ئەمریکاش تاوانباری سەرەکی نوری مالکی سەرۆک کوماری عیراق تاوانبار دەکەن بە هۆی کردەوەی نەشیاو لە بەرامبەر رقیبەکانی کە سوننەن، لەماوەی دەسەڵاتی مالکیدا بوو بە شەرێکی نێوان سوننەو دەسەڵات، لێرەیە دەتوانین بلێین پاشەکشەی هیزەکانی ئەمریکا لە لایەن ئوباماوە قفلێکی لەدەسکەوتەکانی شەڕی عێراق دا.

هەروەها ئوباما لە کاتی پاشەکشەی هێزەکانی لەعێراق گوتی "شکشتی ئەلقاعیدە لە ژێر پێی من دایە" هەرلەم کاتەشدا قەولی هاوکاری بە دەسەڵاتدارانی عێراق دا کە روابتێکی گرینگ لە گەڵ عێراقو پشتیوانی بەهێز، وەک تجهیزاتی مووشەک، فرۆکەی بێفرۆکەوان هاوکاری بکەن، بەڵام ئەو وتەیەی ئۆباما ئەلقاعیدەی هاندا نەک لە عیراق بەلکوو لە خۆرهەڵاتی ناوەراست جێ پێی خۆی بەربلاوتر بکا. کاتێک هێزەکانی داعش پارێزگای ئەنباریان گرت ئۆباما دەلێ" ئەوقسانەی من کاتی خۆی بوو! بۆ ئەوەی عیراقییەکان دەفاع لەخۆیان بکەن.! تا ئێرە بۆمان روون دەبێتەوە کە کشانەوەی هیزەکانی ئەمریکا لەبەر ئەوە نیە هەلسووکەوتیان بەغەڵەتی کردبێ یا کاریان لە عیراق بە نادرووستی بەرێوە بردبێ بەڵکوو ریشە زۆربەی شەروکیشەکان و ئاڵۆزیەکانی ئەوروژی عێراق سیاسییە.

با وەبیر بێنینەوە کاتێک لەساڵێ ٢٠٠٣ هێرشێ ئەمریکا بۆ عیراق دەستی پێکرد باسی ئەوە بوو کە دەیانگوت هێنانی دیموکراسی بۆ وڵاتانی عەرەبییە، کە بەداخەوە بوو بەهۆی هاتنی کۆمەڵێک دیکتاتۆر بەتایبەتی لە لیبیو میسر رمبازێنیان لەمەیدانەکەدا دەکرد بەڵام ئەوەش بە خالێکی پۆزیتیڤ بۆ ئەمریکا بە ئەژمار هات.

عیراقی ژێر دەسەڵاتی سەدام حوسین کە گەورەترین ئەرتەشی ناوچەی هەبوو دوو شەری گەورەی بە خۆیەوە دی،

یەکیان بەدەست پێ کردنی هێرش بۆ وڵاتی کویت، کە دواتر هیزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان بە ناوی رەشەبای بیابان(توفان صحرا) ولامیان داوەو پاشەکشەیان بە ئەرتەشی عێراق کرد هەر لەو کاتەدا سەدام مداوم ئەرتشی بازسازی دەکردەوە.

لە دوای رووخانی سەدام ساڵێ ٢٠٠٥ تیرۆریستان هەرەشیان لە دەوڵەتی تازە دەکردو بۆیە دەولەتی تازەی عێراق پەنایان بۆ هەلبژاردن هێنا کە زۆربەی شیعەکان، سوننەو کوردەکان رەقیبی سەرەکی بوون لەناو هەلبژاردندا بۆ حکومەتیکی یەکگرتوو. کەوابوو هەلبژاردن ئەوەی سەلماند لەو هەلومەرجەدا دیموکراسی باشترین رێگا بۆ عێراقییەکانو بەتایبەتی شیعەوسوننەی عێراق.

بەڵام دوای هەڵبژاردن دەرکەوت و تەنانەت بۆ خودی عەرەبەکانیش پرسیار درووست بوو کە بۆچی هەموویان وەک یەک لە دەسەڵاتدا بەشدار نین؟ دەرکەوت کە مەترسییەکی گەورە لە پێش عێراقیەکانە. هەر ئەو کات بەشی زۆری خەتاکان کەوتە پاڵ ئەستۆی نوری مالکی، کە کاریکی زۆری بە پێچەوانەی سوننیەکان کردو تەنانەت حکومەتی مالکی ئیتهاماتی کوشتنو تێرۆری خستە جێگری سەرۆک کۆمار تارق هاشمی، کە بە هاوکاری تیرۆریستان تاوانبار کرا، دوای ئەوەش رفیع العیساوی وەزیری سوننە بە تاوانی فسادی مالێ تاوانبار کرا. لەسەرەتادا سوننەکان لەسەراسەری وڵات بەم بۆنەوە نارازایەتیان دەربڕیو بەرەبەرە سوننەکان واقعی ئەوکاتی عێراقیان قواستەوەو بەقازانجی خۆیان کەلکیان لێ وەرگرت، لەلایەکی دیکەوە هەرەشە کردن لە حکومەتی کوردستانو درووست کردنی سوپای دیجلە... لە هەلومەرجێکی ئەتۆدا ئەمریکا دەبوو فشاریکی زۆری خستبوایە سەر دەوڵەتی نووری مالکی بۆ گۆڕانێکی پێشکەوتوو نەهێشتنی کەندوکۆسپەکانی عیراق، هەرچەند ئەمریکا جێگری سەرۆک کۆماری راسپاردبوو کە لە ریگای دیپلۆماتیک کێشەکانیان چارەسەر بکا بەڵام نەیتوانی هیچ یارمەتیک بەچارەسەری کێشەکان بکا.

پشتیوانی حکومەتی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی دوای یەکەمین سەرهەڵدانی شۆڕش بە نێوی بەهاری عەرب لەساڵی ٢٠١١، هاوکات بوو لە گەڵ گەرانەوەی تێرۆریستان بۆ عیراق و هەروەها ئامانجی سەرەکی دەرکردنی ئەمریکا بوو.

مایكڵ نایتس" تایبەت لە پەیمانگەی واشنگتن تایبەت بە كاری سیاسی خۆرهەڵات كوتویەتی: "هەموو پێشكەوتنەكان لەدەست نەدراون، بەشەكانی نەفتی عیراق كاری پێشكەوتووی زۆریان بەدەست هیناوە لە چاو ئیران، بەڵكوو ببی بە دووهەمین و گەورەترین بەرهەمهێنانی نەوت لە ئوپێكداو ئەو قانوونە نوێی ئێستا حفازەت لە كەمایەتی قەومو مەزهەب دەكەن، شتێكی باش بووە هیندێک شت لە دەست چوون،و هێندێک شتیش لەراستیدا بەدەست نەهاتوون وەک: هەماهەنگی كۆمەڵایەتی."

دوای كۆتایی شەر، ئەمریكا لە زۆر بارەوە یارمەتی عیراقی داوە تەنانەت بەرنامەی مانەوەی دایمی لە عیراق بووە، ئەمریكا دەبوو لەوەها وەزعێک بیری لەوە كردبایەوە كە شوینێک بۆ ئەمریكا هەبوایە بۆ بەربەرەكانی لەگەل ئەلقاعیدەو تەنانەت بۆ پێشگیری لە نفوزی ئیران لە عیراقدا. ئێستا ئەمریكاشو هەموو دنیا باش دەزانێ كە ئێران قسە یەكەم لەعێراقدا دەكا.

ئاورێک لە مێژوو بدەینەوە لەدوای شەری جیهانی دووهەم هەرلەو حالەتەشدا ئەمریكا تا ئیستاش ٤٠ هەزار سەرباز لە ژاپۆنو ٥٤ هەزار سەرباز لە ئالماندا جیگیر كردوە. هەرچەند كاتی كشانەوەی لەساڵێ ٢٠١١ لێپرسراوانی نیزامیی ئەمریكا پیشنیاریان بە ئوباما كرد كە ٢٠ هەزار سەرباز لە عیراق بیلنەوە بۆ ئەوەی یارمەتی ئەرتەشی عیراق بكەن و لە راهێنان یارمەتییان بكەن تا پێشگیری لە نفوزو پەرەسەندنی ئەلقاعدەو ئێران بكەن. ئوباما لەسەرەتادا مخالەفەتی دەربڕی بەڵام دواتر كە رایسپار هێزێكی مناسب لە ناوچەیەک لە عیراق بمێننەوە دەسەڵاتدارانی عیراقی ڕێگایان پی نەدان كە ئەو هێزەی ئەمریكا دیاری كردوە بمێنێتەوە، هەروەک دەزانین بە ڕۆیشتنی سەربازانی ئەمریكا لە عیراق، ئەلقاعیدە سەر لە نوێ سەری هەڵدایەوەو سەربازانی عیراقی توانایی بەربەرەكانیان لە گەڵ تیرۆریستان نەبوو.

لەسەرەوە ئاماژەمان كرد كە ئەرتەشی عێراق شەڕكەر بوو بەڵام ئەرتەشی دەورانی سەدام حوسێن، ئەوەی دوای ئازادكردنی عێراق ناوی ئەرتەشێ لەسەرە، ئەرتەشێكی زوبدەو توندوتۆڵ نیەو توانای بەربەرەكانیان لەگەڵ تێرۆریستان نەبوو، تەنانەت ئەو كاتەی كە ئەرتەشێ ئەمریكا لە عێراق بوو، تێرۆریستان پەنایان بۆ مزگەوت بردوو ئەرتەشی عێراق دوژمنێكی نادیاری هەبوو بۆیە تێرۆریستان بۆ زەربەلێدان دەستیان ئاواڵەتر بوو.

ئەو توندوتیژیەی كەلە عێراق سەری هەڵدا، بوو بە هۆی لێک جیا كردنەوەی مەزهەب، كە بوو بەهۆی درووست

کردنی موسلمانانی شیعەو سوننە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە لەوە پێش، لیکۆڵێنەکان دەری دەخەن کە هۆکارێکە بۆ شڵەژان و توندرەوی لە دەوڵەتی عەرەبدا، چاوێک بخشینین بە دەولەتانی عەرەبی، بە کردەوە بۆمان دەردەکەویَ لەهەر ولاتێکی عەرەبی، دەستەیەک، عەشیرەیەک بالادەستە، بەلام دابەشکردنی دەسەلات لە عێراق، لە رابردوودا نمونەیەکی بەهێزە، کە دەتوانی دوژمنی کۆنی پێ دامرکێنێتەوە.

تا ئیستا مالکی سەرۆک وەزیرانی عیراق، شیعە، ئامادە نیە کە سوننەکان لە دەسەلاتدا بەشدار بن، باوەری بە سوننەکان نیەو زۆر بە ترسەوە یا بە ئیحتیاتەوە دەیهەوێ لە دەسەلاتدا شەریکیان بکا.

لە مانگی ئاوریلدا هەلبژاردنی پارلمان بۆ دیاری کردنی نوێنەر دەستی پی کرد، کە سوننەکان چاوەڕوان بوون لە رێگای پارلمانەوە و بە شێوەیەکی عادلانە چەند کورسی‌یان لە پارلمان دەست بکەوێ، کاتێک زانیان دەستیان ناکەوێ کۆتایی هاتنی یەکجاری سوننە لەگەڵ دەسەلات بوو. هەلبژاردنی پارلمان دەری خست کە حکومەتی مالکی زۆری هەوڵ دەدا لەهەلبژاردنی پارلمان کورسی زۆر بەدەست بێنێ تا لە نێو پارلماندا جێگای خۆی لە نیو شیعەکاندا بە هێز بکاو بتوانێ موسلمانی سوننە دەربەدەرو ئاوارە بکا.

"دانێل بایمان: لەناوەندی سابان لە سیاسەتی رۆژهەلاتی نێوەراست"بەمجۆرە باسی هەلبژاردنەکە دەکا "ناوەندەکەم وریا کردەوە کە، موسلمانانی سوننی هەستیان بەوە کردوە کە وەک هاوولاتی دەرەجە دوو چاویان لێ دەکرێ و لە دەسەلات دوور خراونەوە هیچ بایخیان پێ نادرێ، بۆیە لەوانەیە زۆربەی سوننەکان پشتگیری ئەلقاعیدە بکەن."

هیزەکانی ئەمریکا زۆر زوو دەریان خستو ئاشکرایان کرد بۆ تێرۆریستان کە پاشەکشە دەکەن، ئەو کات دەبوو ئەمریکا لەگەڵ سوننەکان دژی ئەلقاعیدە ریک بکەوێ، بەلام بەداخەوە ئەلقاعیدە توانیبووێ جێگای خۆی لەنێو دڵی سوننەکان دا بکاتەوە چونکی ئیمانیکی قولیان بە دینو مەزهەب بوو. هەرئەوکات ئەمریکای‌یەکان بۆیان دەرکەوت بێ باوەڕی مالکی بە نیسبەت سوننەکان، دەستگایەکی ئەمنییەتی بە رێبەری شیعە درووست دەکا، هەوالەکان باسیان لەوە دەکرد کە دەولەتی مالکی بەو هەلسوکەوتانەی بە پەرەپێدانی ئەلقاعیدە لە عێراق یارمەتی دەکا.

# چەند تێبینییەک لە سەر وتووێژەکەی کاک بەهرام ڕەزایی

شەوی ڕابردوو لە سایتی کوردانە چاوم لە وتوویژێکی کاک بەهرام ڕەزایی کە باسی چونیەتی لە بەین چوونی گوردانی شوان لە جەریانی هەڵەبجەدا کرد، لە نێو قسەکانیدا چەند تێبینییەکم لا دروست بوو. بۆ ڕونبوونەوەی زیاتر ئاماژەیان پێ دەکەم.

ئیستا کە لەبەرەبەرەی نزیک بوونەوەی یادی کارەساتی هەڵەبجە نزیک دەبینەوە، جارێکی دیکە هەم سەرەخۆشی لەخەڵکی هەڵەبجە دەکەم، هەم لەبنەماڵەو هاوسەنگەرانی گوردانی شوان کە لەو جەریانەدا لە بەین چوون. من لەو چەند تیبینییەدا ناچمە سەر ئیشکالاتی ئەو کات کە کاک بەهرام بۆ خۆی بەشیکی باس کردوە. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکرات دا قسەم هەیە.

١- کاک بەهرام دلێ" نەوەد دەرسەدی هێزەکانی حیزبی دیموکرات خەڵکی ئەو ناوچەیە بوون کە لە ڕێگای تەشکیلات ئەو پێشمەرگانەی خۆیان تەحویل دابۆوە و لە ریگای خزم کەسو کاریان ئاگاداری هیرشی ڕێژیم بوون." کاکی برا ئەوەڵەن ئەوە زۆر وەک ڕاست ناچێ کە نەوەد دەرسەدی هیزەکانمان خەلکی ئەو ناوچەیە بن! چونکە ٦٠ دەرسەدی هیزەکانمان خەڵکی بۆکان، سەقز، هەوشار، مەریوان، دیواندەرە، سنە، کامیاران، بوون، دووهەم هیزەکانی حیزبی دیموکرات لە بەرەی لای نەوسود دوو ڕۆژ بوو لەشەر دابوونو حکومەتی ئێران تێکشکاو نەیتوانی بەستێک بێتە خاکی کوردستانی عێراق، دواتر لە ڕاست وچەپەوە هاتە ئەودیو لەو بەرەیە بە ناچاری هێزەکانمان پاشەکشەی کرد.

نەک حیزبی دیموکرات و کۆمەلە بەڵکوو هەرچی لەو دەڤەرە دەژیا دەیزانی ئێران خۆی بۆ هیرش ئامادە دەکا. سیهەم هێزەکانی ئێمە زیاتر لە ٧٠٠ کەس دەبووین نەک ٥٠٠ کەس، لەو پیشمەرگانەی کەلەوێ بوون لانی کەم ٦٥٠ پێشمەرگەی شەڕکەرو قاڵبووی مەیدانی خەباتو لە کلّدەرهاتوو، بە دەیان فەرماندەی پەروەردە لەمەیدانی خەبات، کە بە چەندین حەماسەی گەورەیان لە کوردستان خەڵقاند، لەوێ حزووریان هەبوو.

٢- له بەشێکی دیکەدا دەڵێ" حیزبی دیموکرات لەکێشانەوەی هێزەکانی هیچی به ئیمه نەگوت،" کاک بەهرام ڕەزایی به باشی دەزانی که حیزبی دیموکرات هیزی خۆی نەکێشابووه تا ئەو ڕۆژەی که دەوڵەتی ئیران هێرشی کرد بەڵام کاک بەهرام لەبیری چوو هەمان ڕۆژ له گەڵ گوردانی شوان به یەکەوه پاشەکشەمان کردو له کاتیکدا شەری کۆمەڵەو دیموکرات له ئەوجی خۆی دابوو لەدەمەو ئێوارێ که دەرکەوت شاری هەڵەبجه گیراوه لەوێ حوسنی نیەتی حیزبی دیموکرات دەرکەوت. بەرپرسانی حیزب کاک سەید ئەحمەد حوسێنی ئیستا لەوڵاتی فنلند دژی، ڕاسپێردرا به بەرپرسەکەی گوردانی شوان کاک" شوکێ خەیراباد"ی بڵێ "که هەرچەند شەرمان بەیەکەوه هەیه بەڵام دەتوانین لەو وەزعه به یەوکەوه خۆمان دەرباز بکەین،" وڵامی کاک شوکێ خەیرابادی ئەوه بوو " ئیوه بەڕێی خۆتاندا، ئیمەش به ڕێی خۆماندا". دوابەدوای ئەوەدا دەڵێ "دوو ڕۆژ پێشتر که بۆ خۆشی لەبیاره بووه هەستیان به نا ئەمنی کردوه و دەوڵەتیش دەورووبەری تۆپباران کردوه". حکومەتی ئیران تا سەر لەبەیانی ڕۆژی هیرشەکه سەعات ٦ی بەیانی، یەک چەشنی لەو دەورووبەرەی بیارەو هانی گەرمەڵه نەتەقاندبوو. تەنیا پێشمەرگەکانی حیزب وەک ئاماژەم پێ کرد لەبەرەی نەوسوود دوو ڕۆژ بوو لەشەر دابوون. ئەوه جالبه که شەو له هەڵەبجه دەبێ وەک بۆ خۆی دەڵێ" نەفەرێک ئاگاداری کردوون که ئیران هێرشی سەدا لەسەد دەکا بۆ بەیانیش کومیتەی ناوەندی کۆمەڵه ئاگادار دەکاتەوه وەک ئاماژەم پێ کرد دەڵێ کەس به ئێمەی نەگوتوه؟ له کاتێکدا ڕێبەریشیان ئاگادار بووه.

٣- له کاتێکدا باسی ئیشکالاتی کۆمەڵه دەکا لەسەر لەبەین چوونی گوردانی شوان، بەڵام لەوسەری کوردستان بۆ ئەوسەری کوردستان باز دەدا بۆ ئەوەی خوێ به برینه کۆنەکاندا بکا. واته زۆر بەهاسانی بێ بەڵگه دەڵێ ٣ هێزی حیزبی دیموکرات له لای شمال مەعتەلی گوردانی ٢٢ی سامرەند کۆمەڵه بوون که بچن بۆ ئەو ناوچەیه لێیان بدەن. بەراستی نازانم به کام بەڵگەو ئەسناد ئەو قسەیەی کرد، هەروەک خۆشی وتی حیزبی دیموکراتو کۆمەڵه شەری بوو کەوابوو له هەرجێگایەکی ئەم کوردستانه تووشی یەکتر بوایەن تەقەیان لێک دەکرد، بەڵام ئەوەی درووستره که بۆ خۆی کوتی" ئێمه لەبەرامبەر حیزبی دیموکرات گوردانی شوانمان له بیاره داناو گوردانی ٢٢ سامرەندمان ڕەوانەی شومالی کوردستان کرد. ئەوه بۆ چی ئەو کارەیان کرد ئەوه بۆ خۆی باشتر دەزانێ.

